Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕين E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# کەسێتی سادیی و ماسۆشیی و ڕەنگدانەوەیان لە ڕۆمانی ؛ئەژدیها؛ی محەمەد موکریدا

سەرکەوت عمر ابراهیم[1]

[1]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـانی (کەسێتی سـادیستیی و ماسۆشـیی و ڕەنگدانەوەیان لە ڕۆمـانی ؛ئەژدیهـا؛ی محەمەد موکری)دا داڕێژراوە؛ لەو ڕوانگەیەوە کە نەخۆشـییە دەروونییەکان و لە نێویشـیاندا هەردو چەمکی "سادیزم و ماسۆشیزم" وەک دو چەمک لە بواری زانسـتی سـایکۆلۆژیدا جێگەی گرینگی و بـایەخی دەروونناسـان بون و هۆکار و پاڵنەر و چارەسـەرییان بۆ دەسـتنیشـان کـردون. ئەم دو چـەمـکە دەرونـیـیە لە ڕەوتـی گێڕانەوەی ڕوداوەکـانی نێو ڕۆمـانی "ئەژدیهـا"ی (مـحەمەد مـوکـری)یـدا لە بەشـێکـی زۆری کەسێتییەکاندا بونیاتنراوەو مەودایەکی سەرانسەری لە گـێڕانەوەی ڕۆمـانەکەدا داگیـر کـردوە، بـۆیە ڕۆماننوس لە گێڕانەوەیەکی واقیعیی و ئاوێتەکراو بە ڕوداوی ئەفسانەیی قسە لەبارەی ئەم دو چەمکە دەکـات و هۆکـار و مەبەسـت و ئـامـانجی کەسـێتییەکانمان لەم ڕوانگە دەرونییەوە بۆ ئاشـکرا دەکات. بە ڕاڤەکردنی ئەم دو چەمکە و مەزراندنیان لە نێو ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمـانەکەدا هەوڵمـانداوە ئەم دو چەمکە لە شـاکەسـی ڕۆمانەکەو کەسـێتییە لاوەکییەکـانی دیکەی نێو ڕۆمـانەکە دیـاریبکەین. لەئەنجامیشدا تیشک بخەینە سەر ئەوەی ڕۆماننوس تا چ ئەندازەیەک ئەم دو چەمکەی لە بنیاتی کەسێتیی شـاکەس و کەسـێتییە لاوەکییە دیارەکانی نێو ڕوداوەکـانی ڕۆمـانەکەیدا بەرجەسـتە کردوە و ئامانج و مەبەستی لەمەدا چی بوە؟

**کلیلە وشـەکان:** سـادیزم، ماسـۆشـیزم، لادان، کاراکتەر، ڕۆمان.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

**Received:** 10-April-2022

**Accepted:** 30-May-2022

**Published:** 29-December-2022

**Corresponding Author E-mail:**
Sarkawt.omer@uor.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

## پێشـــــەكی:

ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی بەهۆی فراوانی مەودای گێڕانەوەو ئەو پانتاییەی بۆ گێڕانەوە دەیرەخسێنیت بوەتە گۆڕەپانی گوزراشتکردن لە چەندین بابەت و ڕەهەندی جیاوازی ژیان، یەکێک لەو بوارانەش، کە لەنێو ڕۆماندا ڕەنگیداوەتەوە و زۆرجار بابەتی ڕۆمانی لەسەر بونیاتدەنرێت نەخۆشییە دەرونییەکان و پاڵنەر و ڕەمەکە جیاوازەکانی دەرونناسین، کە لە کەسێتی هەندێک کاراکتەرەکانی ڕۆماندا دەبینرێن. ڕۆمانی "ئەژدیها"ی "محەمەد موکری"یش لە جیهانی ڕۆمانی کوردیدا یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە توانیویەتی بەشێوەیەکی زۆر شارەزایانە قسە لەسەر کەلەپور و ئەفسانەی کوردی بکات و تێکهەڵکێشی واقیعی ئەنفال و کۆڕەو و ژیانی ئاوارەیی کوردی بکات و لە گێڕانەوەدا ئەفسانەو واقیع تێکەڵ بکات. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە لە باری دەرونی و سایکۆلۆژیەتی کەسێتییە ئەفسانەیی و واقیعییەکانی دەدوێت و لە نێوەندی گێڕانەوەشدا یەکێک لەو بابەتانەی زۆر بوێرانە لە بارەوە دواوە و مەودایەکی یەکجار فراوانی لە گێڕانەوەی ڕوداوەکاندا پێدراوە حاڵەتە سێکسییەکان و لادانە سێکسییەکانە؛ بەتایبەتی هەردو بابەتی پەیوەست بە "سادیزم و ماسۆشیزم"، کە لە بونیات و سایکۆلۆژیەتی بەشێکی هەرە زۆری کاراکتەرەکانیدا هەیە، بەڵام ئەم لادان و نەخۆشییە سێکسیانەی تێکەڵ بە مەسەلەی چینایەتی و جیاوازی نەتەوەیی کردوەو لە ئێستا و ڕابردودا قسەی لە بارەوە کردون. لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (کەسێتی سادی و ماسۆشی و ڕەنگدانەوەیان لە "رۆمانی ئەژدیها"ی محمد موکری)دا داڕێژراوەو وەک هەوڵێکی زانستی لەبارەی ڕەنگدانەوەی ئەم چەمکانە و مەبەست و ئامانجی ئەم کەسێتییانە دەدوێت، کە گیرۆدەی ئەم نەخۆشییانە بون و بونیاتی کەسێتییان ڕاڤە دەکات. بۆ ئەم مەبەستە لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا لەبارەی هەردو چەمکی "سادیزم و ماسۆشیزم" و جۆرەکانی سادیزم دواوین و لە بەشی دوەمدا و لە سێ تەوەری جیاوازدا لە بارەی شاکەسی ڕۆمانەکەو کەسێتییە لاوەکییەکان و چۆنیەتی چەندێتی ڕەنگدانەوەی ئەم دو چەمکە قسەمان کردوەو لە تەوەری سێیەمیشدا چەمکی لادانە نەشازەکان و ڕەنگدانەوەیان لە هەندێک لە کاراکتەرەکان خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

پێکهاتەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیە داڕێژراوە، کە خۆی لە پێشەکی و دو بەشدا دەبینێتەوە. بەشی یەکەمی توێژینەوەکە لەچەند تەوەرەیەک پێکهاتوە کە ئەمانەن: تەوەرەی یەکەم باس لە: چەمک و پێناسە و جۆرەکانی سادیزم و ئاراستە و نیشانە دیارەکانی هەریەکێک لەو جۆرانە خراوەتەڕو، لە تەوەرەی دوەمیشدا: چەمک و پێناسەی ماسۆشیزم و پەیوەندی بەچێژ لێوەرگرتن و ئازارگەیاندن بە خود باسی لێوەکراوە.

پێکهاتەی بەشی دوەمیش بەمجۆرەیە، کە لە تەوەرەی یەکەمدا: ڕەنگدانەوەی سادیەت وماسۆشیەت لە کەسێتی شاکەس و کەسێتییە لاوەکییەکانی ڕۆمانەکەدا و تەوەرەی دوەم: ماسۆشیەت لە کەسێتییە لاوەکییەکاندا کاری لەسەر کراوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجامە بەدەستهاتوەکان لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕو، دواتر پوختەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی ئاماژەپێکراوە لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوە زانستییانەی لەم توێژینەوەیەدا سودیان لێوەرگیراوە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

**سنوری لێکۆڵینەوەکە:** سنوری کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە کارکردن لەسەر ئەو کاراکتەرە دیارانەی، کە لە بارێکی سادییانە یاخود ماسۆشیانە و یان لادانی سێکسییانەدان لە بونیاتی گێڕانەوەی ڕۆمانی ئەژدیهادا هەن.

**گرینگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتن و خستنەڕوی هەندێ جۆر و باری لادانی سێکسییە بەتایبەتی هەردو چەمکی "سادیزم و ماسۆشیزم" و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەیانە لە بونیاتی کاراکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەدا.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم تیۆرە یان ڕوانگە ڕەخنەییەی لەم توێژینەوەیەدا کاری پێکراوە ڕوانگەی دەرونشیکارییە؛ لەمەشدا تیشکخراوەتە سەر چەمکەکانی سادیزم و ماسۆشیزم، کە ئاماژەن بۆ دو حاڵەتی دەرونی جیاواز و بە میتۆدی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە و حاڵەتی سایکۆلۆژی شاکەس و کەسێتییە لاوەکییەکانی پێ ڕاڤەکراوە.

## بەشی یەکەم: چەمک و جۆرەکانی سادیزم و ماسۆشیزم و لە بواری دەرونزانیدا

### تەوەرەی یەکەم: چەمک و پێناسەی سادیزم و جۆرەکانی سادیزم

هەمو ئەو پەیوەندییانەی لەسەر بناغەی یەکویستن دادەمەزرێن سەرچاوەکەیان ڕەمەکی ئەوینەو ئەرکی یەکگرتنەوە دەگرنە ئەستۆ و لەمەوە سەرچاوەدەگرن، کەوا کەسانی دیکەت وەکو خۆت خۆش بوێت و ویست و ئارەزوی ئازار پێگەیاندنیانت نەبێت لەناخدا. ئەم چەمکەش لە بواری دەرونزانیدا بە "ئیرۆس" ناوزەندکراوە. لە ڕاستیدا جنس بەشیکی -ئیرۆس – پێکدەهێنێت و هەمان ئەرک جێبەجێدەکات بە هێنانەکایەی پەیوەندیی سێکسی لە نێوان نێرو مێدا. لە بەرانبەریشدا ڕەمەکی مەرگ و شەڕانگێزیی دێتە ئاراوەو لە هەوڵی پەرتکردن و پچڕاندنی پەیوەندییەکاندا دەبێت و بەرەو نەمانیان دەبات؛ ئەمەش واتای "ساناتۆس" دەگەیەنێت. هەریەکە لە سادیەت و ماسۆشییەتیش دەچنە خانەی ئەم جۆرە ڕەمەکە دەرونییەوە، بەڵام هەریەکەیان بەو ئاراستەیەی کە چۆن پراکتیزە دەکرێت. چەمکی سادیەت واتای ئازاردانی کەسانی دیکە و چێژوەرگرتن لەو ئازار پێگەیاندنەدا؛ ((سادیزم، واتای خۆشی بینینە لە ئازاردانی خەڵک و تێرکردنی ئارەزوی سێکسیە لە ڕێگەی سوکایەتی پێکردن یان ئازاردانی کەسی بەرانبەرەوە)) (الزعبی، ٢٠١٨، ٤٥٨). پێشوتر چەمکی سادیزم[١](sadism) بە نەخۆشییەکی دەرونی لە قەڵەم دراوە، بەڵام لە ئێستادا ئەم چەمکە تەنها وەک حاڵەتێکی دەرونی لە بواری پرۆسەی جوتبوندا سەیرناکرێت و زیاتر وەک شێواز یان لادانێکی کەسێتی سەیر دەکرێت لە چێژوەرگرتن لە ئازاردانی کەسانی دیکەدا.

((ناوەڕۆکی زاراوەی "سادیزم" بریتییە لەخۆشی و چێژوەرگرتن لە ئازاردانی کەسانی تر لە کاتی پرۆسێسی سێکسیدا بە تایبەتی و گشت بوارەکانی تری ژیان بە گشتی. ئیتر ئەم ئازاردانە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، جەستەیی بێت یان دەرونی، واتە بەو جۆرە مرۆڤانە دەوترێت کە تام و چێژ لە ئازاردان و سوکایەتی پێکردن و تۆقاندنی کەسانی تر وەردەگرن))(قەرەچەتانی، ١٩٩٩: ٤٥)، ئەگەرچی هەندێک لە دەرونزانەکان بۆچونیان وایە کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان هەڵسوکەوتی سادی مرۆڤ لە بواری سێکسی و بوارەکانی دیکەی ژیاندا بونی نییە و ئەم چەمکەی سادی تەنها پەیوەستە بەبواری سێکسەوە" بەڵام ئەوەی لە ڕاڤەکردن و تێگەیشتنی چەمکەکەوە تێیدەگەین ئەوەیە کە ئەم چەمکە لەڕوی دەرونییەوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە بریتییە لە چێژوەرگرتن لە ئازاردانی بەرانبەر، ئەگەرچی ئەم چەمکە لە بنچینەدا لە ئازاردانی -جەستەیی و ڕوحی پەیوەندی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

نێوان نێرو مێدا وێنەی گرتوە، کەچی دواتر لە زۆر بواری دیکەی ژیاندا ڕەنگیداوەتەوە و ئەوە دەرکەوتوە هەر کاتێک مرۆڤ هەستی بە چێژوەرگرتن کرد لە ئازاردانی کەسی بەرانبەر ئەوا ئەو کەسەی ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدات لە جەوهەردا تاکێکی سادییە و ئەم سادییەتەش دەشێ لە هەر بوارێکی ژیاندا جێ بەجێبکات وەک لە بواری کارکردن و ڕودانی جەنگ و ئازاردانی زیندانیانی نێو زیندان و هەر جۆرێکی دیکەی ئازار پێگەیاندن بێت لە ئەنجامدانی هەر کارو چالاکییەکی بەمەبەست و بێ مەبەست و زۆرجاریش زاڵبونی دەسەڵاتی سادیەت لە دەرئەنجامی دەرکەوتنی بێدەسەڵاتی ماسۆشیەتەوەیە ((تێربونە سادییەکانی دەسەڵات ململانێ دەکرێت لەلایەن ماسۆشیەتی زۆرێک لە بێدەسەڵاتەکانەوە)) (ئیگڵتن، ٢٠١٦، ٤٣٤).

لەم پێناسانەدا دەردەکەوێت، کە سادیزم واتای هەستکردنە بە چێژوەرگرتن لە ئازاردانی کەسانی بەرانبەر؛ جا چ چێژوەرگرتن بێت لە ئازاردنی کەسی بەرانبەر بێت کاتێک پرۆسەی جوتبونی لەگەڵدا ئەنجامدەرێت؛ چ لەسەر ئاستی فەرمانبەرداری و خۆسەپاندندا بێت لە کاتێکدا کەسی باڵادەست، یان فەرماندار هەست بەچێژوەرگرتن بکات لە ئازارپێگەیاندنی ئەو کەسانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا کاردەکەن. جا ئەم ئازار پێگەیاندنە چ لەڕوی جەستەییەوە بێت و چ لەڕوی دەرونییەوە، بەڵام دواجار ئەم چەمکە تەنها لە بواری پەیوەندی سۆزداری سێکسیدا قەتیس نەماوەو پەڕیوەتەوە بۆ بوارە جیاوازەکانی دیکەی ژیان و نواندنی ڕەفتاری خۆسەپاندن لە بواری کارکردن و کارگێڕی و سەلماندنی دەسەڵاتداریتی و چێژوەرگرتن لە ئازار پێگەیاندنی کەسانی دیکەی گرتۆتەوە ((هەندێک لە دەرونزانەکان دەڵێن مەرج نییە ئەم تام و چێژ وەرگرتنە تەنها لە بواری سێکسیدا بێت، بەڵکو دەپەڕێتەوە بۆ گشت بوارەکانی تری ژیان "جەنگ، قوتابخانە، خێزان، کۆمەڵ، جێگای کارکردن...هتد". واتە لە گشت ئەم بوارانەدا چێژو خۆشی و تام لە کەڵەگایی و ئازاردان و خوێن ڕشتن و ناخۆشی کەسانی تر وەردەگرێت))(قەرەچەتانی، ١٩٩٩: ٤٥)، چونکە زۆرجار ئەم جۆرە کەسانە ئەم تام و چێژە لەڕێگەی نوسین و فیلم و شانۆگەری و ڕۆمان و وەرزش و گشت چالاکییەکی توندوتیژو خوێناوییەوە وەردەگرن ((مرۆڤی سادی دەبێتە پاشکۆی سادییەتەکەی و پێویستی بەو کەسە هەیە کە بەتەواوی دەستی بەسەردا بگرێت))(احمد، ١٩٩٧، ١٢٣). ئەم ڕەمەکە دەرونییە لە ئەنجامی نواندنی ڕەفتاری جیاوازەوە لەلایەن کەسی سادییەوە بوەتە هۆی ئەوەی چوار جۆری جیاوازی لێ دەستنیشان بکرێت و هەر یەکە لەو جۆرانە بە ڕەفتاری جیاواز لەوانی دیکە دەناسرێنەوەو بونەتە پێوەری دیاریکردنی جۆری سادییەتەکەیان، چونکە ((سادییەت لایەنێکی دەرونییەو بریتییە لە چێژوەرگرتن لە ئازاردانی کەسانی دیکەو ئەشکەنجە دانیان بەمەبەستی ملکەچپێکردن و ئەم جۆرە ڕۆحە شەڕانییە لە ناخی هەندێ لە کارەکتەرەکان و کەسانی چیرۆک خراوەتەڕو))(ڕەسوڵ، ٢٠١٢، ١٧٠).

## جۆرەکانی سادیزم:

دەروونناسی ئەمریکی (تیۆدۆر میلۆن ١٩٢٨-٢٠١٤) لە لێکۆڵینەوە تایبەتییەکانیدا لە بواری کەسێتیدا بەناوی (لێکدانەوەی دەرونی کەسێتی شلەژاو)دا چوار جۆری (کەسێتیی سادیست)ی دەستنیشانکردوەو تایبەتمەندی هەر یەکێکیانی لەوەی دیکە جیاکردۆتەوە، کە ئەمانەن:

١-سادیستی تەقینەوە (Explosive sadist)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

ئەو کەسانە کاتێک هەست بە بێ ئومێدی دەکەن لە ژیانیان یان هەست بە شەرمەزاری و بێ هیوایی دەکەن، ئەوا جڵەو لەدەستدەدەن و ڕەفتاری توندوتیژ و تۆڵەسەندنەوەی بێ بنەما بەرانبەر کەسانی تر لە ناخیاندا سەر هەڵدەدات. ئەم توندوتیژییە لە کاتی هەڵچون و هێرشی ترسناک بۆ سەر ئەوانی تر دەردەکەوێت. بەتایبەتی بۆ سەر ئەندامانی خێزان.

٢-سادیستی ستەمکار (Tyrannical sadist)

ئەم جۆرەیان ترسناکترو و توندوتیژترە لە جۆری یەکەم. ئەمانە لە هەڕەشەکردن و ترساندن و چەوساندنەوەو ئازاردانی کەسانیتر چێژ و خۆشی وەردەگرن و ڕەفتاری وەحشیگەرانە ئەنجام دەدەن بە ناچارکردنی قوربانییەکان بۆ ئەوەی خۆیان بەدەستەوە بدەن تا ملکەچ ببن و بترسن لێیان. ئەمەش چێژێکی زۆریان پێدەبەخشێت. زۆرجار حەزدەکەن خۆیان بشارنەوە لە چاوی کەسانی تر بۆ ئەنجامدانی ئەو ئارەزوانەیان کە ناپاسایین.

٣-سادیستی ناچارکار(Enforcing sadist)

ئەم جۆرەیان زیاتر لەبواری سەربازیی، چاودێری زیندانەکان و ئەفسەرانی پۆلیس، یان هەر کەسێکی تری کاربەدەستدا باوە. کەوا هەست دەکەن پێویستە ئەو کەسە بێت کە جڵەوی بەدەست بێت و ئەو کەسانە سزا بدات کە ڕێساو یاساکانیان شکاندوە، هەر چەندە ئەوان لەو باوەڕەدان ئەو کارانە بۆ بەرژوەندی گشتی دەکەن، بەڵام ڕاستییەکەی پاڵنەری قوڵتری لە پشتەوەیە و کاتێک بەدوای کەسانی یاسا شکێندا دەگەڕێن هەوڵ دەدەن توندترین سزایان بدەن و چێژی لێوەردەگرن.

٤-سادیستی لاواز (spineless sadist)

ئەم جۆرەیان تەواو جیاوازە لە جۆرەکانی تر. بەوەی ئەو کەسانە لە ناخیاندا زۆر ترسنۆک و نائارامن. لە کاتی هەستکردن بە بونی مەترسی دەست بە خەیاڵە شەڕانگێزەکانیان دەکەن و سەرەتا هێرش دەکەن. بەهیوای ئەوەی سەرەتا پێش بە دوژمنەکەیان بگرن و دواتر پرسیار بکەن. ئەم کەسانە هێرشی شەڕانگێزی بەکاردەهێنن تا بە کەسانی تر بڵێن ئەوان ترسنۆک نین. بەم شێوەیەش دەتوانن جلەوی هەستەکانی ناخیان بکەن و بەتەواوی پێچەوانەی ئەو هەستانە خۆیان نیشان بدەن. ئەمانە بەدوای کەسانی وەک خۆیاندا دەگەڕێن کە بەهۆی کاری خراپەوە لۆمە کرابن، بۆ ئەوەی ببن بە دەستەیەکی هێرشبەرو ئەمەش ڕێگەیان پێدەدات ئەو هێرشانە بکەن کە لە ناخیاندا هەیەو نکۆڵی لێدەکەن. (ساڵح، ٢٠١٥، ١).

## تەوەرەی سێیەم: چەمک و پێناسەی ماسۆشیزم

لە لێکۆڵینەوە دەرونزانییەکاندا لەبەرانبەر چەمکی سادیزم چەمکێکی هاودژ و پێچەوانە داهێنراوە، کە ئەویش ماسۆشیزمە. فرۆید لە کتێبی "لە سەروی بنەمای چێژەوە" بەوردی لە بارەی ڕەمەک و ئاکارە سێکسییەکان دواوەو ئەم دو چەمکە دەبەستێتەوە بە چەمکی ڕەمەکی مردن و ژیانەوە، بۆیە لە لێکدانەوەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات، کەوا حەزێکی ڕەمەکی هەیە ئەویش ڕەمەکی مردنە، کەوا پاڵ بە بونەوەرانەوە دەنێت بچنە دۆخی نائەندامی ژیانەوە، ئامانجی ڕەمەکی مردنیش وێرانکردن و ڕوخاندن و کۆتاییهێنانە بە ژیان و پچڕاندنی پەیوەندییەکانە، جا ئەگەر ئەم ڕەمەکە بەرەو دەرەوە ئاراستەکرا ئەوا لە شێوەی حەزێکی دوژمنکارانەو و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

وێرانکەردا خۆی دەنوێنیت. لە بەرانبەر ڕەمەکی مردنیشدا ڕەمەکی خۆشەویستی و ژیان "ئیرۆس" هەیە ((ئەم ڕەهەندەش نایەتەدی تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە پاڵنەری ژیان-ئیرۆس- دەسەڵات بەسەر پاڵنەری مردندا- ساناتۆسدا دەگرێت))(سەمعان، ٢٠٠٧، ١٠٤). ئەم ڕەمەکەش بەردەوام ئامانجی بەردەوامبونی ژیانە و ژیانیش لەو نێوەندەدا دەبێتە ململانێ و چارەسەری نێوان ئەم دو ئاراستەیە. هەر لەو ڕوانگەیەوە فرۆید سەرنجەکانی خۆی لەبارەی چەمکی "سادیزم و ماسۆشیزم" دەخاتەڕو ئەوە ڕادەگەیەنیت، کە ((لە نمونە هەرە باڵاکانی یەککگرتن و یەکیەتیی نێوان ئەم دو کۆمەڵەیەدا، سادیزم -چێژ وەرگرتن لە ئازاردانی کەسی بەرانبەرە- کە بریتییە لە یەککگرتویی و یەکیەتی نێوان ڕەمەکە سێکسییەکان و ئەو ڕەمەکانەی کەوا تایبەتن بە وێرانکردن و ئاراستەی جیهانی دەرەوە کراونەتەوە. هەروەها لە بەرانبەردا ماسۆشیزم[٢]-چێژوەرگرتن لە ئازاردانی خود-یش بەدیاردەکەوێ، کەوا بەهۆی یەکیەتیی و یەکبونی نێوان ڕەمەکەکانی سێکسی و ئەم ڕەمەکانەی وێرانکاریدا پەیدادەبێت کەوا ئاراستەی خود کراونەتەوە))(فرۆید، ٢٠١٧، ١١٤).

واتە، فرۆید لەسەر بنەمای ئاراستەکردنی ڕەمەکی سێکسی پەیوەست بە ژیان و مردنەوە تیشکی خستۆتە سەر هەردو چەمکی سادیزم و ماسۆشیزم و بۆچونی وایە یەکیەتیی و یەککگرتنی ڕەمەکە سێکسیەکان و لەگەڵ هەردو چەمکی " ئیرۆس و ئاناتۆس" لە ڕەفتاری مرۆڤدا بەرهەمهێنەری چەمک و ڕفتاری سادیزمیانەو ماسۆشیزمیانەن و ئەگەر ئاراستەکە بەرەو دەرەوە بو سادیەت بەرهەمدەهێنێت و ئەگەر بەرەو خودیش ئاراستەکرا، ئەوا ماسۆشیەت دەهێنێتە ئاراوەو هەردو چەمکەکەش لە ڕەمەکی سێکسەوە سەرباری چێژ پێگەیاندن و چێژ لێوەرگرتن درێژدەبنەوە بۆ نواندنی ڕەفتاری ئازار پێگەیاندن لەڕەهەند و بوارە جیاوازەکانی دیکەی ژیان.

بە پێچەوانەی سادیزمەوە ئەم چەمکە بەو کەسانە دەوترێت، کە چێژ لە خۆخستنە بەر ئازار پێگەیاندن وەردەگرن لە بەرانبەر کەسانی دیکەدا لە کردەی سێکسیدا ((ماسۆشیزم ئەم جۆرە کەسانەن کە بە پێچەوانەی سادیزمەوەن. کاتێک ئارەزوی توخمییان دەوروژێتت حەز دەکەن کەسێکی دیکە لە توخمی بەرانبەریان ئازاریان بدات.))(ژاڵەیی ٢٠٠٥، ٢٠٥). ئەم کەسانەی ئەم هەستەیان لا بەرجەستە دەبێت ئارامی دەرونییان لەم ئازار پێگەیانەوە دروست دەبێت، کە کەسانی دیکە لە بەرانبەریاندا پێی هەڵدەستن ((ئەم زاراوەیە بە واتای چێژبینین دێت لە خۆئازاردان و لێدانی جنسی لەلایەن ئەویترەوە. لێرەدا چێژ ڕوەو ناوەوە پاشەکشە دەکات و کەسەکە دۆخێکی ناچالاک دەگرێتەخۆی. واتە ماسۆشیزم جۆرێک لە شەهوەتی پێچەوانەیە. ماسۆشیزم بەلای توێژەرە تازەکانیشەوە وەک حاڵەتێک دەردەخرێت کە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە شەوق و شادییان کەمە و بایەخ بە دیوی ڕۆحیی خۆیان نادەن.)) (شوشە عەلی، ٢٠١٥، ٩). ئەم هەستە لە خۆپەراوێزخستن و گرینگی بەخۆنەدانە لای کەسی ماشۆسی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە هەستی ئەوەی لادروست بێت، کە لەلایەن کەسانی دیکەوە گرنگی پێبدرێت و لە باوەش بگیرێت ((کەسی ماسۆشیش دەبێتە پاشکۆی ماسۆشیەتەکەی و پێویستی بەکەسێکە کە بەگەرمی باوەشی پێدا بکات و تیایدا بتوێتەوە))(احمد، ١٩٩٧، ١٢٣) واتە، لەم جۆرە کەسانەدا ویستێکی ڕەمەکی و دەرونی هەیە، کە خۆیان چێژ لە ئازارپێگەیاندنیان وەردەگرن و خۆیان وەها بارودۆخێک بەسەر خۆیان دەهێنن و پێشی ڕەزامەندن و جۆرێک لە ئارامی دەرونیان بۆ بەرجەستە دەکەن ((ئەم زاراوەیە بەو کەسانە دەوترێت کە تام و چێژ و خۆشی لە بواری سێکسیدا لە ئازاردان و سزادانی خۆیان وەردەگرن و لە ئەنجامیەوە هەست بە ئارامی دەرونی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

خۆیان دەکەن، بەڵام هەندێک لە زانایان و دەرونزانەکان بەشێوەیەکی گشتی و بەرفراوان دەڕواننە ماسۆشی و پابەندی گشت دیاردەکانی ژیانی دەکەن، واتە ئەو مرۆڤانەش دەگرێتەوە کە بەردەوام بەدوای ئازار و سزای خۆیاندا دەگەڕێن و بەدەستی خۆیان گرفت و ئەندێشە بۆ خۆیان دروست دەکەن و خۆیان دەخەنە بەر هەڕەشەو ئازار و سزای کەسانی ترەوە، ئینجا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەرونی دەکەن)) (قەرەچەتانی، ١٩٩٩: ٤٦).

ئەم جۆرە کەسایەتییە لە خۆ خستنە بەر ئازاردان لە لایەن کەسانی دیکەو بەرانبەرەوە چێژ وەردەگرن و هەست بە ئاسودەیی دەرونی دەکەن. هەر وەک ئەوەی کەسێک تاوانێکی ئەنجام دابێت و لە ناخدا هەست بە ئازاری ویژدان بکات و بۆ دەربازبون لەم بارە دەرونییەی وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لە خۆی خۆی بخاتە گێژاوی سزادانی خۆی لەلایەن دەوروبەرو کەسانی دیکەوە و لە ئاکامیشدا زۆر جار ئەم ئازار چەشتن و سەرزەنشتکردن و تۆڵەسەندنەوە لێیان لە ناخیاندا پێچەوانە دەبێتەوە و دەبێتە بنەمای چێژوەرگرتن و خۆشی بۆیان واتە بە پێچەوانەی کەسانی سادیستی ڕەفتار دەنوێنن ((سادیەکان چێژ لە ئازار و ئەزیەت و تەنانەت کوشتنی بەرامبەرەکەیان وەردەگرن و "ماسۆشیەکانیش" پێیان خۆشە بەرامبەرەکەیان ئەوپەڕی توندوتیژی و ئازاریان بدات و بە ئیهانەکردنیان دەگەنە حاڵەتی."Orgasm" ))(مەجید ساڵح: ٢٠٢٠، ١).

ڕەنگدانەوەی هەردو حاڵەتەکەش لە کەسێتی تاکەکەسێکدا لە زانستی دەرونشیکاریدا ئاماژەی پێکراوە؛ بەو واتایەی ئەو کەسە لە هەندێک لە ڕفتارەکانیدا سادیست بێت و بە پێچەوانەشەوە لە هەندێکیاندا ماسۆشی بێت، چونکە ماسۆشییەت بە هاوکێشەیەکی پێچەوانەوە کار دەکات و بریتیی دەبێت لە چێژوەرگرتن لە ئازار بەخۆگەیاندن لە ڕێگەی کەسانی دیکەوە جا چ لە پرۆسەو کردەی زایندەگیی -جنسیدا بێت و چ لە کردەی فەرمانبەربوندا. کەسی ماسۆشی چێژ لەو چرکەساتە وەردەگرێت کە تیایدا هەست دەکات لەلایەن کەسی بەرانبەرەوە ئازار دەدرێت. ((هەندێک لە دەرونزانەکان دەڵێن مەرج نییە ئەو ئازار و سوکایەتییە بگۆڕدرێت بۆ خۆشی و تام و چێژ، بەڵکو بەلای ئەوانەوە ئەوە باجی ئەو خۆشی و تام و چێژەیە کە لەو چالاکییەوە دەستیان دەکەوێت و مەرج نییە ئەو مرۆڤانە تەنها سادی یان ماسۆشی بن و لەوانەیە هەردوکیان بن، یان لە هەندێک چالاکی و بواردا سادی و بەڵام لە بوارێکی دیکەدا ماسۆشی دەبن))(قەرەچەتانی، ١٩٩٩: ٤٦). بونی ئەم دو پاڵنەرە دەرونییە لە سروشت و ڕەفتاری مرۆڤدا دەرخەری ئەوەیە، کە هەندێکجار چێژ لە ئازاردانی کەسانی دەوروبەرییان وەردەگرن و هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە ڕەفتار دەکەن و حەز دەکەن بکەونە بەر پەلاماردان و ئازار پێگەیاندنیان لە لایەن کەسانی ترەوەو بە مەبەست دەرفەت و بارودۆخی لەم جۆرە دەسازێنن کە ببێتە هۆی ئازار پێگەیاندنیان.

## بەشی دوەم: کەسێتی سادی و ماسۆشی ڕەنگدانەوەیان لە گێڕانەوەی ڕۆمانی ؛ئەژدیها؛ی محەمەد موکریدا

### تەوەرەی یەکەم: ڕەنگدانەوەی سادیەت لە کەسێتی شاکەس و کەسێتییە لاوەکییەکانی ڕۆمانەکەدا.

شاکەسی نێو ڕوداوەکانی ڕۆمانی ئەژدیها کاراکتەرێکە بە ناوی "کەریم" وەک کاراکتەرێکی سەرەکی هەر لە سەرەتاوە بەناچاری ژیان دەباتەسەر و وەک کەسێکی تێکشکاو بەرجەستەکراوە و ئەم حاڵەتی ناچار بونەی لە پەیوەندییە سۆزدارییەکانیدا لەگەڵ موعەزوز و ئامنەحان و ژنەکانی دیکەشدا ڕەنگدەداتەوەو تەنانەت ئەو پەرەسەندنانەش کە دواتر لە کەسێتی ئەم کاراکتەرەدا ڕودەدات هەر لە ناچارییەوەو بۆ خۆ دەربازکردن لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

پێشهات و ڕوداوە چاوەڕوانكراوەكاندا ڕودەدەن هەم لە باری كۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەم لە باری پەیوەندییە سۆزدارییەكانیدا؛ بەتایبەتیش دوای ئەوەی لەلایەن ئەمنەخان و یەڵمازی برازای حاجی ڕەزای عەلاف بۆ شاردنەوەی پەیوەندی ناشەرعیانەی نێوان خۆیان تۆمەتی ناپاكی و خیانەت و ویستی دەستدرێژی سێكسی بۆ سەر موعەزەزی كچیان دەدەنەپاڵ ((لە دوێنێ ئێوارەوە، دونیایان لێ كردومەتە چاتۆڵ، نازانم چۆن ئەم بوختان و تۆمەتە گەورەیەیان بۆ دروست كردوم؟ چ تاوانێكیان خستوەتە پاڵم؟ لە هیچەوە ئەو كچەتیوە حەیشەرییە، ئەو قەیرە دۆخین شلە، ئەم قسانەی بۆ هەڵبەستوم. دەزانێ یەڵماز و دایكیشی درۆ دەكەن. كەچی. كەچی...ئای موعەزەز من چ پێویستم بەوە بوە دەرگای حەمام لە تۆ بكەمەوە، خۆ هەمو دەرگاكانی تۆ، لە منداڵییەوە بۆ من ئاوەڵابون!. دوێنێ شەو درەنگ وایان لە حاجی ڕەزای عەللاف گەیاندبو كە كاتێ بە كەریمدا شت و مەكت ناردبۆوە ماڵێ، گەر موعەزەز نەیقیژاندبا و لەو كاتەیش، وەك فریشتە یەڵمازی برازات فریای نەكەوتبا، ئەوا كەریمی سەگباب ئابڕوی دەبردین! ئەمەندە بەس بو، بۆ ئەوەی شێتگیربونی حاجی ڕەزای عەللاف، كە دەیگوت: لێگەڕێن با ڕۆژ بێتەوە، ئەوسا...ئەوسا...دەبینن...)) (موكری، ٢٠٠٥، ١٣).

ئەم تۆمەتە لەسەر زاری ئەمنەخانی دایكی موعەزەزەوە باس دەكرێت بەتایبەتی دوای ئەوەی كەریم بەرێكەوت بە پەیوەندی نێوان ئەمنەخان و یەڵماز دەزانێت و ئەوانیش بۆ پەردەپۆشكردنی پەیوەندییەكەیان بەناچاری تۆمەتی خیانەتی بۆ هەڵدەبەستن ((ئەمنەخانی دایكی موعەزەز بۆ دەرو دراوسێی گێڕابوەوەو، كە گوایە كەریم بێ نمەك و حەرام زادەیە. چەند ساڵێكە كەریم و دایكی و مناڵەكانی بەخێو دەكەین، كەچی چو بوە ژورەكەی موعەزەز و پەلاماری دابو، كراسەكەی بەری دڕاندبو! ئەمنەخان، لە نوێندا بۆ حاجی ڕەزای گێڕابوەوە: موعەزەز لە حەمامدا خۆی دەشۆرد، كەریمیش لە كونی حەمامەكەوە سەیری دەكرد!...موعەزەز بە باوكی گوتبو: لە حەمام بوم، كەریم دەرگای شكاند، ئەگەر یەڵماز نەبوایە كەریم حەیامی دەبرد. یەڵماز بۆ برادەرەكانی گێڕابوەوە: ئەو كەریمە سەگبابە بە موعەزەزی گوتبو، كچە توركمان هەر بۆ هین باشن. بۆیە منیش لەبەر شەرەفی توركمان دگانم لە دەمیا نەهێشت. سوێندم خواردوە، لەبەر ئەم قسەیەی كچە كورد نەهێڵم!)) (موكری، ٢٠٠٥، ١٢، ١٣)، بۆیە كەریم وەك شاكەسی ڕۆمانەكە لەم چەقبەستنەی كەسێتییەكەی، كە لەسەرەتای دیمەنەكانی گێڕانەوەدا دەبینرێت بۆ ئەوەی وەك كەسێتییەكی پەرەسێن لە نێو ڕوداوەكاندا هەڵسوڕێت بەناچاری بڕیاری ڕۆیشتن و جێهێشتنی كەس و كارەكەی دەدات و ئەم دیمەنی پەرەسەندنەشی لە كەسێتییەكی تێكشكاوەوە بۆ كەسێتییەكی پەرەسێنی پڕ جوڵە لە نێو ڕۆمانەكەدا بەئاشكرا دەبینرێت. هەر بۆیە كەریم وەك كەسێتییەكی سەرەكی و دیاری نێو ڕۆمانەكە لە بەرەوپێشچون و هەڵكشانی ڕوداوەكاندا دەكەوێتە بەر كاریگەری ڕفتاری كاراكتەرەكانی دیكەی نێو ڕەوتی ڕوداوەكانی ڕۆمانەكە ((كەسایەتییە سەرەكییەكانیش كەسایەتی مەركەزین كە بە ڕوداوەكان هەڵدەستن وگەشەیان پێدەدەن، لە هەمان كاتیشدا دەچنە ژێرباری ڕوداوی دیكەو لە ڕوی هزری ودەرونییەوە پەرە دەستێنن))(عەبدوڵلا، ٢٠٠٢، ١٥)، هەرلێرەوەیە شاكەسی ڕۆمانی ئەژدیها لە ترسی گرتن و پاراستنی گیانی خۆی لە تەڵەو داوی خانەوادەی حاجی ڕەزای عەللافدا بەناچاری شار بەجێدەهێڵێت و ڕودەكاتە ناوچە بەناو ئازادكراوەكانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و كاتێكیش شەرافەت خانی دایكی ڕێگریی لێدەكات ئەم لە وەڵامدا پێیدەڵێت: ((دایكە، من ناچارم، ناچار...بەناچاری بەرەو نادیاری مل دەنێم، ئێوەش دەسپێرمە چارەنوسی ڕەشی خۆتان))(موكری، ٢٠٠٥، ٧).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

شاکەسی ڕۆمانەکە هەر وەک چۆن لە باری ناچارییەوە بڕیاری جێهێشتنی شار و چونە نێو ڕیزەکانی شۆڕش دەدات پەیوندییە سێکسییەکانیشی هەر لە سەرەتاوە بەناچاری دەستپێدەکات دور لە ویستی سادیزمیانەی خۆی تەنها بۆ ئارەزوی ماسۆشییانە و پڕکردنەوەی حەزی سێکسیانەی موعەزەزو و ئەمنەخانی دایکی دەبێت و وەک ئامێرێک فەرمانی بەسەردادەکەن و ئەویش بەناچاری بێ ویستی خۆی لە پێناو نان براونەکردنیدا فەرمانەکە جێبەجێدەکات ((کەریم ئەو ڕۆژانەی دەهێنایەوە بەر زەینی خۆی کە لەگەڵ موعەزەزدا هاوتەمەن بون، لەسەر بانەکەی ماڵی حاجی ڕەزادا گەمەی ژن و مێردایەتیان دەکرد. موعەزەز خۆی دەڕازاندەوە، وەکو ئەمر کەریمی بانگ دەکرد، دەست بە هەمو لەشیا بێنێ. کەریم وەک بەجێهێنانی ئەمر، بێ ورتە، خواستەکانی موعەزەزی وەجێ دەهێنا، پاش چەند مانگێ گەمەیان تۆخ بو.))(موکری، ٢٠٠٥، ١٦) ئەم پەیوەندییەی موعەزەز لەگەڵ کەریمدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمنەخانیش تێکەڵ بەو پەیوەندییە ببێت، لە یەک کاتدا پرۆسەی جوتبونی لەگەڵدا ئەنجامبدەن.

((لە یەک کاتدا کچ و دایک؟!

-ئەم پرسیارە کت و پڕە نیشتە سەر زاری کەریم، هێشتا بە تەواوی پرسیارەکەی لە زار نەهاتبوە دەر خۆی وەڵامی خۆی دایەوە:

-بۆ نەء. ئەدی ئەمنەخان و موعەزەز ئەمەیان لەگەڵ مندا نەدەکرد؟!...

-موعەزەز بە بێ دەنگییەوە، لە تەنیشتی ئەمنەخانی ڕوت و قوتدا، ڕاکشا بانگی کردم، نزیک بومەوە، منیش بازیچە ئاسام لێهاتبو پەلی گرتم، ئای دەستی چەند گەرم بو، بە ئاسانی ڕایکێشام نەمزانی چۆن کەوتمە نێوان هەردوکیان! ئەوەی نەکردە بێ کچ و دایک پێیان کردم، پاشان ئەوان جل و بەرگیان لە بەر کردم! کچ چەنی دامێ، دایک دو هەندە)) (موکری، ٢٠٠٥، ١٥٣).

پەرەسەندنی دیمەنە سێکسییەکان لە کەسێتی شاکەس و کەسێتییە لاوەکییەکانی دیکە زیاتر بۆ دەربڕینی هەستی سادیزمیانەی کەسێتییە لاوەکییەکاندایە بە بەڵگەی ئەوەی ڕۆماننوس کەم تیشک دەخاتە سەر هەستی سادیزمیانەی کەریم، لە بەرانبەردا وێنە و هەستی سادیزمیانەی کەسێتییە لاوەکییەکان بە تایبەتی ژنە تورکمانەکان زەقدەکاتەوە، هەر بۆیە لە سەرنجدانی ورد لەم ڕووەوە هەست بەوە دەکرێت ڕۆماننوس وەک یارییەکی تەکنیکی گێڕانەوە ئەم حاڵەتەی مەزراندوە. دەیەوێت کەریم وەک سادیستێکی لاواز دەرکەوێت، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیشی لەگەڵ موعەزەز و ئامنە خان و چەند ژنێکی دیکەشدا هەبوە، کەچی گلەیی ئەوە دەکات، کە لە هیچ و لە خۆڕا ئەو تۆمەتەیان داوەتە پاڵی ((کەریمیش بێ پەروا بۆ یەکەم جار بەم شێوەیە هاتبوە قسان: بەڵێ بێ گوناهم. گەر گوناهـ ئەوە بێت، منێکی نەفام و نەدار، چڵکن و کڵفام، فریوی ئەوەم خواردبێت، کچۆڵەیەک تا گەورە بو، گەمەی ژن و مێردایەتی لەگەڵدا کردبم. لەو تەمەندا، نهێنییەکانی جەستەی ئافرەتی خستبێتە بەردەستم، وردە نهێنی گرێدراوی بۆ کردبمەوە، ئەوا گوناهبارم!. گەر گوناهـ ئەوە بێ، لەسەرەتای تەمەنی هەرزەکاریمدا، نەوسی ئەسپەژنێکم تێر کردبێ، ئەوا گوناهبارم!. گەورە بوم و ژنم خواست، کاری ژن و مێردایەتیم لاببوە زبارە" عمل شعبی" ئەوەی ئەمنەخان پێی بەخشیم، شتێکی دی بو. ویستی ئەو زاڵ بو، منیش شەرمنۆک و تینو. ئەو بە گێلۆکەو بێدەنگی دەزانیم، شەرمی لە من و لە خۆشی نەدەکردا. جا چ لەززەتێک، بارتەقای ئەوەیە، ژنە ژەمبردەیەک شەرم نەکات؟ چ تامێک دەگاتە تامی کچە هەرزەیەک، بە بازیچەت بزانێ؟



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

شەرم نەکات و پێشی وابێت بەرانبەرەکەی دەبێ، وەک بەجێهێنانی ئەرک ڕەفتار بکات، دەنا نانبڕاو دەبێت))(موکری، ٢٠٠٥، ٢٤).

ئەم هەستە سادیزمیانەی کەریم زیاتر لە هاتنەوەیاد و بەبیرهاتنەوەی یادەوەرییەکانیدا ئاماژەیان پێدەکرێت، ئەوەتا لەم دیمەنەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا؛ کەوا کەریم باس لە ڕۆژانی ڕابردوی خۆی دەکات لە شاری کەرکوک بە شێوەیەکی سەرسوڕمان ئەو یادەوەرییانە بۆ زێڕین دەگێڕێتەوە ((چ ڕۆژانێ بو؟! باوەڕ نەکردەنی یە..گەر کەسێ لێم ببیستێ، کە فەیمەخانی دایکی گوڵدەران کە تەمەنی لە چل ساڵ بەرەو ژورتر بو، بەدۆشین دەیدۆشیم، هەرگیز باوەڕ ناکات، کە ئەو پیرێژنە بەچوار سەعات خەریکی دەکردم، پاشانیش دەیگوت: عەجەلە ئێتمە..عەجەلە ئێتمە..کێ باوەڕ دەکات، گەر ئەمانە ببیستێ، ناحەقیان نییە باوەڕ نەکەن، نازانن ئەو چوارە چۆن پەوەردەکرابون؟! چ نازو نیعەتێکیان هەبوە. هەرچواریان دەیانگوت: کەریم کوردە، گێژە ناحاڵیە، کەس باوەڕی پێ ناکات! چما خۆم باوەڕم بەچاوانی خۆم مابو، چما باوەڕم بەو ڕۆژانە هەیە کە خەون نەبوبێ...))(موکری، ٢٠٠٥، ١٥٧).

هەستی سادیزمیانەی کەریم بەرانبەر موعەزەز و ئامنەخان و ژنەکانی دیکە زیاتر لەو کاتەدا دەردەکەوێت، کە پەیوەندییە سەرجێییەکانی لەگەڵ ئەمنەخان و موعەزەزدا بە ویستی ئەوان نابێت بۆ هاندان و گوڕ و تین پێ بەخشینی وەک کورد بانگی دەکەن و لە پشتی ئەم بانگکردنەشەوە مەبەستی بە سوک سەیرکردن و ئیهانەکردنی هەست پێدەکات، ئیتر لە باری ناچاری و سادیزمی لاوازەو دەگۆڕێت بۆ کەسێتییەکی سادیزمی لە جۆری تەقینەوەو دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە ئازاریان پێ بگەیەنێت و ئازار پێگەیاندنەکەشی تەنها لە ڕوی سەرجێییکردن لەگەڵیاندا بەرجەستە دەکات و هیچی تر؛ ئەم هەستەش زیاتر وەک شانازیکردن بەخۆیەوە وێنادەکات بە تایبەتیش کاتێک لەسەر زاری ژنەکانەوە پێیدەڵێن: کەریم، پیاوە، ئەمما پیاو ((غەیری ئەو قسانەی کە موعەزەز و ئەمنەخان و گوڵدەران و فەیمەخان دەیانگوت:–کەریم کوردە، گەوجەو ناحاڵی. ل، ن، هـ دەیانزانی کوردم. فامیدەم. کوردانە، ڕەفتار لەگەڵ ئافرەتاندا دەکەم، دڵخۆش ئەبوم کە دەیانگوت: کوردە، لێزانە، قەدرزانە وەک حیزەڵەکانی خۆمان نییە، ژنانە نییە، پیاوە، ئەمما پیاو))(موکری، ٢٠٠٥، ١٩١).

بەپێچەوانەوەی ویستی کەریم ئامانج و مەبەستی ئەمنەخان و فەیمەخان و موعەزەز و گوڵدەران سەرباری ویستی چێژ وەرگرتنی زۆریان لەو بارە سەرجێییکردنەی، کە ئەوان بە کەریمی بەئەنجام دەگەیەنن تا ئاستی دەرکەوتنی هەستی ماسۆشیانەیان، کەچی لە بەرانبەردا و هاوکات ئاراستەی ڕەمەکی و هەستی وروژاویان ئاراستەی دەرەوە دەکەن و وەکو چەند کەسێکی سادیزم ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن ئامانجیشیان لەمەدا زەلیلکردن و ئازار پێگەیاندنێتی ((گەورەترین نەهامەتی و دوژمنکاری و دڵڕەشی مرۆڤ لەودایە کە زەلیلکردنی یەکدی ببێتە ئامانج لە پێناو پرۆژەی سێکسیدا و ئەو ئامانجە بەدی دەکرێت و ئەم حاڵەتە پێی دەگوترێت سادیزم. سادیزمیش وەکو حاڵەتێکی سایکۆلۆژی کە تاکە ئامانجی زەلیلکردنی بەرانبەر زۆر جار لە مرۆڤدا دەردەکەوێت و بەدی دەکرێت. زۆرێک لە کەسایەتیەکانی ئەژدیها وەک لادانێکی سێکسی ئالودەی ئەم نەخۆشیەن و چێژو لەززەت لەوە دەبینن کە بەرانبەرەکەیان ملکەچ و دەستەمۆ بێت))(ئەحمەد، ١٩٩٩، ٧٩) ئەمەش لەو سۆنگەیەوە، کە دەرونی مرۆڤ چاوگی مەیل و ئارەزوە ویستراوەکانی مرۆڤە و بە ڕۆچون بەنێو ناخیدا درک بە نهێنیە شاراوەکانی ناخی دەبرێت و لە دونیای ڕۆمانی ئەژدیهاشدا ڕۆماننوس دەیەوێت پەردە لەسەر ئەو نهێنییانە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

هەڵبماڵێت و ئارەزوی خەفەکراوی هەندیک لە کاراکتەرەکان و باری نەخۆشییە دەرونییەکانیان لە ڕوانگەی ئارەزوی جوتبون و سێکسیەوە بۆ خوێنەر وەدیار بخات.

ئەم هەستە سادیزمییە لە هزری کاراکتەرەکاندا لە زۆر دیمەندا لە ڕەهەندی سێکسییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ڕەهەندی نەتەوەیی و لە پشتی ئازار پێگەیاندنی جەستەیی لە کردەی سێکسکردن و جوتبوندا دەگۆڕێت بۆ ڕەهەندی تۆڵەسەندنەوەی نەتەوەیی. بەشێکی سادییەتی کەریم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سوکایەتییە نەتەوەییەی کە لە بونی ژنە تورکمانەکاندا بونی هەیە بەرانبەر بەو. ئەوەتا خۆیان دەخەنە ئەوپەڕی حاڵەتی ماسۆشی بۆ ئەوەی کەریم زۆرترین چێژیان پێ بگەیەنێت و لە بەرانبەر ئەمەشدا کەریم هەست بەوە دەکات سوکایەتی و بێ ڕێزی پێ دەکەن. بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ترسی بنەماڵەی حاجی ڕەزای عەلاف بەناچاری لە ترسی تۆڵەسەندنەوە شار بەجێدەهێڵێت و ڕودەکاتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، ئەگەرچی ئەم بڕیارەشی لەڕوی ناچارییەوە دەدات، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاری لە کەسییێتی و پەرەسەندنی کەسێتییەکەیدا هەست دەکات لە ڕابردودا وەک کەسێتییەکی سادی هەڵس و کەوتی لەگەڵ بنەماڵەی حاجی ڕەزاو ئەمنەخان و موعەزەزو فەیمەخان و گوڵدەرانی کچیدا کردوەو ئەمەش لە هزرو بیری ئەودا وەک تۆڵە کردنەوەیەکی پێش وەختە و ڕابردو وێنە دەگرێت و لە ڕێگەی یادەوەرییەوە ئەم بەسەرهاتانەی ڕابردوی بۆ زێڕێن دەگێڕیتەوە ((لە سیاقی ڕۆمانەکەدا. ئەم هێما سێکسیانە، وەک تێوەگلانی پێداویستیەکی ڕوحی مرۆڤ دێنە بەرچاوان، لە کێشەیەکی لابەلاداو وەک پۆلێن کردنێک بۆ هەق و ناهەق دەخاتەڕو، یا وەک هەر ڕۆژهەڵاتییەک دەیەوێ تۆڵە لە بەرانبەرەکەی لە پرۆسەی سێکسیدا پیادەبکا. ئەو مەسەلە پیرۆزییە ئینسانیە بخاتە بازنەی گومانەوەو بەکاری بێنێ بۆ ڕەتدانەوەی بەرانبەرە دزێوەکانی، ئەگەر حاجی ڕەزای عەلاف نمونەی چەوساندنەوەو ناحەزی نەتەوەیی بوە، ئەوا کەریم ژن و کچەکەی لە ژێر خۆیەوە بینیوەو بەمەش ئارامیەکی ڕوحی لا دروست بوە))(ڕەنجاو، ١٩٩٨، ١٤١).

ئەم ڕوحیەتی تۆڵەسەندنەوەیە لە ڕێگەی پرۆسەی سێکسکردن لە نێو ڕوداوەکانی ڕۆمانی ئەژدیهاداو لە نێوان کەسێتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر و بەرچاو بەرجەستەبوەو بوەتە سیمای کەسێتیان وەک تاک و لە لایەکی دیکەشەوە بوەتە سیمای بەگژداچونەوەی چینایەتی و نەتەوایەتیش، هەر وەک ئەوەی کە لە گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ژیانی -میر ئەسەدوڵڵا- وەک میرێکی ئەفسانەیی و خدرە زلە وەک سەرکارێکی نێو ماڵی میر ئەسەدوڵڵادا بەدیدەکرێت و بۆتە ڕوحیەتی تۆڵەسەندنەوە. تەنانەت لەو دیمەنەی نێو ڕۆمانەکەدا ئەم حاڵەتە لە کەسێتییەکانی نێو ڕۆمانەکە وەک: فاتە، خونچە، جەوهەر لە لایەک و هەندێک کەسێتی نێو ڕوداوە ئەفسانەییەکانی ڕۆمانە وەک: پور ئەسمەر و چەند ژنێکی دیکە کە ژمارەیان دەکاتە دوازدە ژن لەگەڵ خدرە زلەدا دەگێڕدرێتەوە، کە خۆی لە ئازار پێگەیاندنی تەنها یەک پیاودا دەبینێتەوە ئەوانیش-جەوهەر و خدرە زلەن لە لایەن کۆمەڵە ژنێکەوە ((کەریم، هەند لە فاتە و خونچە و جەوهەر نزیک بوەوە چ پێویستی بە دوربین نەمابو، خۆی مات دابو هەناسەی لە خۆی بڕی بو چ مەبەستی گوێگرتنی نەبو، تەنیا حەزی دەکرد بزانێ جەوهەر واباسی خۆی دەکرد وایە!

جەوهەر ڕوی لە فاتەو خونچە کردو گوتی:

بۆ واتان لێکردم؟

هەردوکیان گوتیان:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

-چمان لێکردویت. ئەمە گەمەیەکە و میراتی باوپاپیرانە.

-لەگەڵ هەمو کەسێ ئەم گەمەیە دەکەن؟

خونچە گوتی:

-جەوهەر، نەء. تەنها لەگەڵ غەریباندا. تەنها جارێکیش لەم وڵاتەی ئێمەدا زو گەلێ زو لەگەڵ کەسێک ئەمە کراوە کە غەریب نەبو، ئەویش پور ئەسمەر و ژنانی دی، لەگەڵ خدرە زلەدا ئەمەیان کردوە.

-ئێوەش ئەو داستانە دەزانن؟

خونچە گوتی:

-هەر لە منداڵییەوە بۆمان باس دەکەن، گەورەو بچوکی ئەم ناوچەیە دەیزانن، بەڵام هەر کەسەو ئەو شتەی لە بیر دەمێنێ کە خۆی حەزی لێدەکات!

-لەگەڵ غەریباندا، بۆ ئەمە دەکەن؟!-فاتە بە پێکەنینەوە گوتی:

-خۆمانی پێ سەر گەرم و پیاوانیشی پێ زەلیل دەکەین. چ لەززەتێ بارتەقای ئەو لەززەتە نییە کە دەبینین، پیاوان ئازار دەکێشن و دەناڵێنن و دەپاڕێنەوە و دەگرین!

-هەر بۆ سەرگەرمی و لەززەتە؟

فاتە گوتی:

-نەخێر، بۆ ئەوەشە چیدی ئەو پیاوە لە ئاست ئەو ژنانەی ئەمەیان پێکردوە، سەر بەرز نەکاتەوە و چاویان شۆڕ بێت!

-یانی لە ئاست تۆ و دایکیشت؟

هەردوکیان بەیەکەوە گوتیان:

-بۆ ئێمە چیمانە! جەوهەر بێدەنگ بو، پێدەچو چ وەڵامێکی پێ نەبوبێ، فاتە و خونچە، ئەلاو ئەولای جەوهەریان گرت، هەند بە نەرمی نەوازشیان دەکرد، گوریان هێنایەوە بەر جەوهەر، وەک ئەوەی نەبای دیبێ نە بۆران. کچ و دایک بە جۆرێ جەوهەریان دەگەوزانەوە ئارەقی شین و مۆریان پێ دەردا))(موکری، ٢٠٠٥، ١٥١).

دیارخستنی ئەم حاڵەتە سادیزمییە لە نێو مەوداو پانتایی ڕۆمانەکەدا بەجۆرێکە کە بە پەرش و بڵاوی ڕەنگیانداوەتەوە و لەسەر هەردو ئاستی سێکسی و نەتەوەیی وێنەیانگیراوە، واتە ئەگەرچی لە بنەڕەتدا سادیزم وەکو نەخۆشیەکی دەرونی و حاڵەتێکی تاکەکەسی باسی لیوە دەکریت، بەلام لە نێو گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ئەم ڕۆمانەدا زیاتر تێکەڵ بە کێشەی نەتەوەیی و تۆڵەسەندنەوەی نەتەوەیی کراوەو لە پشتی نواندنی حاڵەتی سادیزمیانەی کەسێتییەکاندا ئامانجی شکاندنی شاکەسی ڕۆمانەکە دەبینرێت لە لایەن ئەو ژنە تورکمانەی کە حاڵەتی سادیزمیان هەیە بەرانبەر شاکەسر ڕۆمانەکە. ئەم بارودۆخە لە ڕوداوە ئەفسانەییەکەی هەرێمی شێرکوژیشدا بە هەمان جۆرەو میر ئەسەدوڵڵا هەمان هەستی سادیزمیانە بەرانبەر بە ژن و کچەکانی مەملەکەتەکەی دەنوێنێت و ئامانجی دوەمیشی تییدا سەرزەنشتکردن و خۆسەپاندنە بەسەر تاکەکانی نەتەوەی کورددا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

## تەوەرەی دووەم: ماسۆشیەت لە کەسێتییە لاوەکییەکاندا ڕۆمانەکەدا

شاکەسی ڕۆمانی ئەژدیها "کەریم" وەک کەسێتییەکی سەرەکی نێو ڕۆمانەکە وەک کەسێتییەکیی سادی لە جۆری لاواز دەردەکەویت. ئەم کاراکتەرە سەرەتای تێوەگلانی لە کێشەو ئاریشەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە هەر لە سەردەمی منداڵییەوە لە دوای ئەوەی باوکی نەخۆش دەکەوێت و ناتوانێ وەک بەردەست ئیش و کارەکانی دوکانەکەی "حاجی ڕەزای عەلاف" ڕاپەڕینێ ئیتر لە جیاتی باوکی ئەو ئەرکە دەخرێتە ئەستۆی ئەو و کاتێکیش "شەرافەت"ی دایکی ناتوانێ ئیش و کارەکانی ماڵەوەی حاجی ڕەزای عەلاف ڕاییبکات، ئیتر ئەو لە جیاتی دایکی بە کارەکان هەڵدەستێ و هەر لەو کاتەوە وەک کەسێتییەکی لاواز لەلایەن "موعەزەز"ی کچی حاجی ڕەزادا لە پێناوی حەزە ماسۆشییەکەیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت ((کەریم ئەو ڕۆژانەی دەهێنایەوە بەر زەینی خۆی کە لەگەڵ موعەزەزدا هاوتەمەن بون، لەسەر بانەکەی ماڵی حاجیدا گەمەی ژن و مێردایەتییان دەکرد. موعەزەز خۆی دەڕازاندەوە، وەکو ئەمر کەریمی بانگ دەکرد، دەست بەهەمو لەشیا بێنێ. کەریم وەک بەجێ هێنانی ئەمر، بێ ورتە، خواستەکانی موعەزەزی وەجێ دەهێنا. پاش چەند مانگێ گەمەیان تۆخ بو. کەریم ئامێر ئاسا لە ئاست خواستەکانی منداڵانەی موعەزەزدا دەسوڕایەوە. موعەزەزیش پێی وابو: مادام باوکی ئەمانە بەخێو دەکات، ئەمیش بۆی هەیە هەمو داخوازییەکانی بەسەر کەریمدا فەرزبکات!. کەریمیش هەند بێدەنگ و قایل بو، پێی وابو، گەر سەرپێچی بکات، ئەوا نانبڕاو دەبن و دەردەکرێن. ڕۆژێ–نەک بەڕێکەوت– ئەمنەخان دەچێتە سەربان و گەمەکانی کچەکەی و کەریم دەبینێ..هەڕەشەیان لێدەکات..ئیدی کەریم سەر کوێرتر دەبێت.))(موکری، ١٩٩٩، ١٥-١٦).

ئەم حاڵەتە ماسۆشیزمیەی موعەزەز لە پەیوەندی لەگەڵ کەریمدا لە دیمەنێکی تردا دەردەکەوێت و بە ڕونی دەبینرێت، کە ویست و حەزی موعەزەز نەوسێکی زاڵە و لەو پەیوەندییەدا مەبەست و ئامانجی بەدەستهێنانی چێژ و دەستەبەرکردنی چێژە لە کەریمەوە بۆ جەستەی خۆی، نەک بە پێچەوانەوە ئامانجی چێژ گەیاندن بێت بە کەریم ((زۆرجاریش سنگی موعەزەزی دەشێلا..هەمو ئەندامەکانی لەشی خۆیشی خستبوە بەر "نەوسە زاڵەکە"ی موعەزەز کە بە ئارەزوی خۆی دەستی بە هەمو شوێنێکی لەشی کەریما دەهێنا..کەریمیشی ناچار دەکرد بە پەنجەکانی هەمو شوێنێکی جەستەی بەسەر بکاتەوە و دەست بە هەمو لەشیا بێنێ))(موکری، ١٩٩٩، ١٨).

ئەم چێژ وەرگرتن و ماسۆشیەتەی موعەزەز نزیک دەبێتەوە لە جۆرێک لە لادانی سێکسی بەجۆرێک، کە ئەوەی حەزی پێبکات و لە پێناو گەیشتن بە چێژوەرگرتنی زیاتر لە کەریم، کەریم ڕادەهێنێ لەسەر ئەوەی هەندێک ڕەفتاری نالۆجیکی لەبواری سێکسیدا بنوێنێ ((موعەزەز هەردو دەست و پەنجەکانی کەریمی مەبەست بو..پاشان کەریمی ڕاهێنایە سەر ئەوەی کە چۆن زمان و لێوەکانی لەگەڵ جەستەیدا بەکاربێنێ.))(موکری، ١٩٩٩، ١٨).

یەکێک لە کەسێتییە لاوەکیە دیارەکانی دیکەی نێو ڕۆمانی ئەژدیها، کە کەسێتییەکی دو ڕەمەکی ماسۆشی/ سادیزمی هەیە "ئەمنەخان"ی ژنی حاجی ڕەزای عەلافە، کە دەکاتە دایکی موعەزەز. وەک کەسێتییەکی لاوەکی کاریگەر بەسەر شاکەسی ڕۆمانەکەوە کاریگەری خۆی دەنوێنێ لە ڕەوتی ڕوداوەکاندا. ماسۆشیەتی ئەمنەخان لە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کەریمدا دەکاتە لوتکە، ئەمەش لە دەرئەنجامی هەست نەکردن بە چێژ وەرگرتن لە حاجی ڕەزای مێردی بەهۆی جیاوازی تەمەنیان. بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەمەش دوای ئەوەی کەریم ناچار دەکات پەیوەندی سەرجێی لەگەڵدا ببەستێ وەک کەسێتییەکی تەواو و پڕ مانای ماسۆشی دەردەکەوێت هەر وەک لەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

دیمەنەی گێڕانەوەی ڕوداوەکاندا دەبینرێت ((پاش یەکدو هەفتە-کاتێ کەریم پێداویستییەکانی ماڵێی لە خانەکەوە هێنایەوە-موعەزەز لە ماڵ نەبو- سێ ڕۆژ بەیانیان و سێ ڕۆژ نیوەڕوان دەچوە قوتابخانە-ئەمنەخان کەریمی بانک کردە لای خۆی! کەریم پێی وابو "ئەمەشیان" هەر دەچێتە خانەی کارەکەی و نان پەیداکردن، هەر جۆرە سەرپێچیەکیش بکات نان براو دەبێ و دەردەکرێ. سەرەتا، کەریم حەپەسا، دەترسا. پێدەچو ئەمنەخان هەر لە بەیانییەوە، خۆی ئامادە کردبێ، کراسێکی گەلێ تەنکی پەمەیی لەبەر کردبو، پرچە تێرخەنەکەی بەردابۆوە، شان و ملی، جوانتر کردبو، کراسە تەنکەکەی لەسەر سنگەوە دوگمەکانی وازبون. هەرکە کەریم زەمبیلەکەی دانا ئەمنەخان پەلی گرت مەڕ ئاسا کەوتە دویەوە، بردییە ژورێ، پێی گوت. دانیشە. دانیشت، خۆی چوە دەرێ، توند دەرگای حەوشەی کلیلدا کەریم بێدەنگ و حەپەسابو، ئەمنەخان گەڕایەوەو بەکەریمی گوت: نەخۆشم...-...زۆر نەخۆشم. -...پشتم پشێلە!. کەریم، بەشەرمەوە، وردە وردە دەستی بەسەر پشتیا دەهێنا. ئەمنەخان سوکە ناڵەی شەهوەت بزوێنی لەدەم دەهاتە دەرو دەیگوت: توند..توند..توندتر... دەی خوارەوە...خوارتر...خوارتر. کەریم لە موعەزەزەوە فێری خوارتر ببو! هەر شەرمی دەکرد. زمانی لە گۆ چو بو، ئەمنە خان کەوتە سەرپشت و گوتی: سنگم بشێلە!-...بشێلە. توند..توند..توندتر... دەی خوارەوە...خوارتر...خوارتر. کەریمی وا گوشییە خۆیەوە، کەریم لە شەرما زمانی وشک ببو، حەپەسابو، ئەمنەخان ئەیناڵاند، مار ئاسا دەتلایەوە، هەندەی گاز لەشان و ملی کەریم گرت جێ دگانەکانی شین بونەوە. کەریم هەر بێدەنگ بو، ئەمنەخان پێی گوت: پیاونیت؟-... داوەشێیت... کەی کورد وابوە؟! وشەی "کورد"بەس بو بۆ ئەوەی ئاگر بەرداتە کەریمەوە... وەک پشکۆیەکی گەش لێی کەوتە کار! ئەو ڕۆژە تا دو سەعاتێ مایەوە... نیو دیناریش بەخششی وەرگرت. ئەو ڕۆژە کەریم گێژو کاس بو، خەیاڵی لەشی ئەمنەخانی تەمەن سیو دوساڵە، لەبەر چاویا لانەدەچو، سپی، هەندێ گۆشتن، پرچ خەناوی، باڵابەرز و....وایلێهات کەریم هەفتانە دینار و نیوێک تا دور دینار حەقی پشتشێلان و... ئەمنەخانی پاشەکەوت دەکردا.))(موکری، ١٩٩٩، ١٧-١٨).

لەم دیمەنانەی جوتبون و لەیەکتر نزیک بونەوەی کەریم و ئەمنەخان دەردەکەوێت بۆشاییەکی جەستەیی/ دەرونی-سێکسی لە کەسێتی ئەمنەخاندا بونی هەیە و وایکردوە وەک قەرەبوکردنەوەیەک بۆ پڕ نەبونی مەیلە سێکسیەکانی کەریم بەکاربهێنێت ((ئەمەیە پیاو، پیاو دەبێ وابێ! ڕاستە کوردەکان وان؟! بۆ ئەوانەی ئێمەش پیاو نین..؟- ئەمنەخانیش بەفەیمەخانی دەوت: پیاوی چی، هەر ناویان پیاوە، حاجی ڕەزای من لە دە شەو جارێکدا، بە پێنچ دەقیقە وەکو کەر...ئیدی تا بەیانی وەک حەیوان دەخەوێ))(موکری، ٢٠٠٥، ١٥٩).

هەندێک لە کەسانی ناو ڕوداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە هەندێک حاڵەتدا هەم سادیزمین و هەم ماسۆشیزمین بەوەی هەریەکەیان لەڕوی پەیوەندییە سێکسییەکانیانەوە هەردو حاڵەتی سادیزم و ماسۆشیزمیان تیادا بەرجەستە دەبێت. ماسۆشیزمین بەو مانایەی بۆ گەیشتن بەو پەڕی چێژبینین لە کردەی سێکسیدا بەرگەی ئازار پێگەیاندن بگرن لە بەرانبەرەکانیانەوە و هەر کاتێکیش وەک کەسێتییەکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی خۆیان دەنوێنن ئەم ماسۆشیزمییە لەبار دەبەن و لە جێگەیدا ڕەهەندی سادیزمی بە مەبەستی ئازار پێگەیاندن بە بەرانبەرەکەیان جێگەی بگرێتەوە، بەتایبەتی لە بارودۆخێکدا کە ویستی تۆڵەسەندنەوەی نەتەوەیی لە هزریاندا بەرجەستە دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە بونیاتی کەسێتی ئەم کاراکتەرانەدا هاوهەستی بە واتای کینەڤین-Ambivalence بونی هەیە، کە ((پانتایی ڕاستەقینەی جۆشوخرۆشی مرۆییە، پانتاییەک کە ئەڤین و کینە دەخاتە پێوەندییەکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

توندو تۆڵەوە لەگەڵ یەکتر، بەجۆرێک کە لێکجیانەبنەوە))(ئاسۆن، ٢٠٢١، ١٤٣) کە تێکەڵەیەکە لە کینەو ئەڤین- ڕق و عەشق- بەرانبەر بەیەک کەس هەروەک ئەوەی لە لایەن موعەزەزو ئەمنەخان بەرانبەر بە کەریم پیادەدەکرێت بۆ گەیشتن بەو پەڕی چێژ وەرگرتن لە کەریم و ئازار پێگەیاندنیشی لە هەمان کاتدا.

دوای ئەوەی شاکەسی ڕۆمانی ئەژدیها ڕودەکاتە گوندێکی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بەناوی "گۆڕەشێر" لەنێو فەزای فەنتازیانەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا لە ڕێگەی خەڵکی گوندەکەوە گوێبیستی چیرۆکی ئەفسانەیی میر ئەسەدوڵڵا و دەسەڵاتداریتی ئەو میرەو ستەم زۆرداریەکەی دەبێت، کە لە ڕابردودا هەر کەسێک دژ بە بریارەکانی وەستابێتەوە ناچاری ئەوەی کردوە ناوچەی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی ئەو "شێرکوژ"، بەجێبهێڵێت و ڕوبکاتە ناوچەی کەڵوەزنشینان. هەر بۆیە لە نێو ئەفسانەکەدا باس لە نیاز خراپی و هەستی سادیزمیانەی میر ئەسەدوڵڵا دەکرێ بەرانبەر بە کچێکی ئەو هەرێمە بە ناوی "پەری"، کە دوای ڕەزامەندنەبونی پەری و شوکردنیشی بە دڵخوازەکەی خۆی "وەلی" دەستبەرداری ئەم حەزەی نابێت و لە کارێکی پیلانگێریدا بەدەستی شێخە کەوباز وەلی دەکوژێت و پەریش دەباتە حەرەم سەراکەی خۆی بە بیانوی پاراستنی گیانی لە کەس و کاری وەلی و دوای ئەوەی شەوێک بە ئامانجی گەیشتن بە ئامانجەکەی پەلاماری پەری دەدات و پەری خۆی ڕادەست ناکات و میر ئەسەدوڵڵا دەکوژێت و پێش ئەوەی گیانیش بدات ئەویش پەری دەکوژێتەوە. ئەمەش لەگەڵ ئەو بۆچونەدا یەکانگیر دەبێتەوە، کە فرۆید لە بارەی سادیزم وەک بنەمای دوژمنکارانە ئاماژەی پێکردوە ((لەوانەیە زیادبونی دوژمنایەتیی سێکسی ببێتە هۆی ئەوەی کەسی عاشق بکاتە کەسێکی بکوژ، بەڵام دابەزینێکی زۆری ئاستی هۆکاری دوژمنکارانەش دەبێتە هۆی شەرم و لە دەستدانی توانای سێکسی))(فرۆید، ٢٠١٧، ١١٤)، ئیتر بەهۆی ئەو تاوانە قێزەونەوە میر ئەسەدوڵڵا دەبێتە بەراز و دەچێتە شاخی بەرازگر و دەبێتە ڕەمزی خیانەت و ستەم و ناپاکی لە بەرانبەریشدا پەری دەبێتە تەوارێک و دەچێتە چیای پەرییان و لە ناو ئەفسانەکەشدا ناوی دەبێتە "زێڕین". ((ئەو شەوە میر پەلاماری پەری دەدات، کەچی وەک موی نێو هەویر دێتە دەستی میر، دەحەپەسێ لە خۆشیا خۆی لە بیر دەکات. پەری پەلاماری خەنجەرەکەی میر دەدات، دوجار بۆ میری دادەوەشێنێ، جارێکیان بەر گازەرەی پشتی دەکەوێ، جارێکی دیش لای ڕاستی سنگی هەڵدەتلێشێنێ. میر دەستی پەری بە خەنجەرەکەوە دەگرێ، هەر بە دەستی پەری خەنجەرەکە دەچەقێنێتە سەر دڵی پەری لەو بگرەو بەردەیە نۆکەر و دەست و پێوەندەکانی میر ڕو لە ژورێ دەکەن. لەبەر چاویان پەری دەبێتە تەوارێکی زەرد. میریش لەگەڵ گێڕانەوەی ڕوداوەکە، وردە وردە ڕەنگ دەبوێرێ و تێکدەچێ و ڕەنگی بەرازی لێدەنیشێ و بە بەرچاوی ئەو خەڵکەوە دەبێتە بەراز، لە دەرگاوە فرتە دەکات و ڕوەو زنجیرە چیای میران هەڵدێ. هەرکە ڕۆژ بوەوە هەمو خەڵکی شێران بەسەرهاتی میر و پەری دەبیستن، هەر ئەو ڕۆژەش ناوی زنجیرە چیای میران دەبێتە بەرازگر))(موکری، ٢٠٠٥، ٥٢، ٥٣) کەریم بەسەرهات و ڕوداوەکانی خۆی دور و نزیک بۆ ئەو دەگێڕێتەوە((کەریم لە زەینی خۆیدا وێنەیەک بۆ زێڕین- کەسێتی سەرەکی چیرۆکە ئەفسانەییەکە دەکێشێت و لەگەڵیدا دەکەوێتە گفتو گۆ و دەردە دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێت)) (محەمەد، ٢٠٠٩، ١٨٦).

لەسەر زاری گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەشەوە باس لە ژیانی کەڵوەزنشینان دەکرێت و لە نێو گێڕانەوەکەشدا باس لە دیمەنی نەخۆشییە سێکسییەکانی ئەو سەردەمە دەکرێت و حاڵەتی ماسۆشیەتی -ئەسپەژن-ی دایکی میر ئەسەدوڵڵاو نۆ ژنەکەی دیکەی باوکی میر ئەسەدوڵڵا لەگەڵ سەرکارەکەیماڵەوەیان "خدرە زلە" دەگێڕدرێنەوە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

کە چۆن دەکرێتە سەرچاوەی چێژ گەیاندنی زۆر بە ئەسپە ژن و ژنەکانی دیکەی باوکی میر ئەسەدوڵڵا ((پاش حەفتەیەک ئەسپەژن پرۆگرامەکەی گۆڕی. هەر ڕۆژە یەکێ لە ژنەکانی میری لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، خۆشی ژنەکەی ڕوت دەکردەوە. خۆی دادەنیشت و حەزی بەسەیرکردن دەکرد، هەر کە ژنەکەی بەرێ دەخست، نۆرە دەهاتە سەرخۆی، لەگەرمەی بەزمدا دەیپرسی: ئەو خۆش بو یا من؟- حەددی چییەتامی تۆی هەبێ.- تامی من لە چیدایە؟- لێیدەزانی!- هەر ئەوەندە؟-جوانتری!- هەرئەوەندە؟ خۆت زۆر زیاتر لەززەت وەردەگری!- ئەی تۆ؟. دە بەرانبەر!- باوەڕناکەم. -درۆ ناکەم. -دەزانم. بەڵام هێشتا هەر نەتگوت. – تۆ فێرت کردم، یەکەم کەس بویت ئەم تامەت پێ بەخشیم!- ئەمەیان ڕاستە ئێستا ڕاست دەکەی، یەکەمجار و یەکەم تام قولاپەو پیاو کەمەندکێش دەکات!))(موکری، ٢٠٠٥، ١٠٧).

ئەم دیمەنە لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا لەسەر زاری خدرەزلەوە بەڵگەی ماسۆشیەتی ئەسپەژنی دایکی میر ئەسەدوڵڵایە بە تایبەتی، کە لەسەر زاری خدرە زلەوە پێی دەگوترێ: زۆر زیاتر چێژ وەردەگری!. ئەم پەیوەندییە ماسۆشیە لەلای ئەسپەژن و نۆ ژنەکەی دیکەی باوکی میر ئەسەدوڵڵا دەپەڕێتەوە بۆ قۆناغی ماسۆشیەتێکی بەکۆمەڵ ((کار گەیشتە سەر ئەوەی، شەوێکیان بانگی کردم و بردمییە ژورەکەیەوە. تا ئەو کاتەش ئەو ژورەم نەبینی بو. حەپەسام. هەر نۆ ژنی میر لەوێدابون. ئەسپەژن و نۆ ژنی دیش، دونیا دنیای ژنان بون. هەمو ژنانی دونیا بون لە نێو بۆنی ژن، سیحری ژن، ئەفسونی بزە خەدەنگی سەرنج، لەرەی مەمان، لەنجەی هات و چۆ، هەناسەبڕکێ و ماندوبون، تێکەڵ بەدەنگی لەززەت پژێنی یانزە ئینسان، لەنێو ژورێکی شوشەبەندا، تا بەیانی، گاهـ نم نم و گاهـ بەخوڕ لەززەت دادەباری. ئیدی مانگانە، یا ئەو کاتانەی باوکی ئەسەدوڵڵا لە جێیەکی دی دەمایەوە لەززەت دەستی بە بارین دەکرد))(موکری، ٢٠٠٥، ١٠٧).

کەسێتی ماسۆسی و سادی ئەسپەژن بەتایبەتتر لەو دایالۆگەدا دەردەکەوێت کە باس لە جیاوازی نێوان عەشقی دڵ و عەشقی جەستە دەکات و بە ئاشکراو بێ شەرم ئەوە بە خدرە زلە ڕادەگەیەنێت، کە عەشقی لەش و جەستە پیرۆزتر و گرنگترە لە عەشقی دڵ، لەبەرئەوەی عەشقی جەستە مەسەلەی خۆ بە کۆیلە کردن و بەکۆیلەبونی کەسی بەرانبەر بەرجەستە دەکات ئەمەش لە یەک کاتدا ماسۆشیەتی ئەسپەژن بۆ بەدەست هێنانی چێژ وەرگرتنی زیاتر لە بەرانبەر دەسەلمێنێ و لە هەمان کاتدا سادیەتی ئەسپەژنیشە بۆ ئازار پێگەیاندنی جەستەیی کەسی بەرانبەر ((ئەسپەژن، پێی گوتم: عەشقی لەش، عەشقی لەززەت، ڕاستگۆترە لە عەشقی دڵ. دڵ بۆ پەرستن عاشقی خۆی هەڵدەبژێرێ. عەشقی لەش بۆ یەکدی پەرستنە. جیاوازی نێوان ئەم دو عەشقە، وەک جیاوازی نێوان ڕاستی و درۆیە. عەشقی دڵ کۆیلەتییە. عەشقی لەش هەم کۆیلەتییە و هەم ئازادییە، یەکێ دەبێتە کۆیلەی تۆ، خۆیشت دەبیتە کۆیلەی ئەو، هەردوش دەبنە کۆیلەی لەش-عەشقی لەش خاوێنترە. لەگەڵ جوت بوندا گەردو چڵک، خۆ لەبەر بارانی لەززەت ناگرن، هەناسەی عەشقی دڵ، بۆ گەشانەوەی ئاگری دۆزەخی ناخە، هەناسەی عەشقی لەشیش شنەبایە، سەمای شێتانە، بەگوڵەکانی بەهەشتی ناخ دەکات. گێنگڵی عەشقی دڵ، بکوژە، لەززەت لەبەر دەبات. گینگڵی عەشقی لەش لەززەت دەزێنێ. ژیانی بێ لەززەت، بێ تامترە لە ژیانی خەساوان. بێ تامترە لە ژیانی بێ ئومێدان))(موکری، ٢٠٠٥، ١٠٨).

لەم دیالۆگەی ئەسپەژنی دایکی میر ئەسەدوڵڵادا لەگەڵ خدرە زلە دەردەکەوێت شەیداییەکی زۆری بۆ عەشقی لەش و چێژ وەرگرتنی سێکسی هەیەو تەنانەت چێژ و لەززەتی لەش و سێکس لای ئەو بەرزتر و باڵاترە لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

چێژو لەززەتی دڵ و ئەویینداری ڕوحی. بۆیە دەبینین لە گێڕانەوەی ڕوداو بەسەرهاتی نێوان خدرە زلەو ئەسپەژنی دایکی میرئەسەدوڵلادا جۆرێک لە بە باڵابونی ئەفسانەیی لە توانای جوتبون و چێژ گەیانی زیاتر بۆ خدرە زلە وێنا دەکرێت، هەر بۆیە ((خدرە زلە ڕەمزی هێزی جەستەیی و سێکسی سەردەمەکەی خۆیەتی، لای کەڵوەزنشینان دەبێتە ڕەمزی دروست کردنی هێزی دەستە جەمعی و سەرکردایەتیشیان دەکات))(ڕەنجاو، ١٩٩٨، ١٤٠). ئەمەش وادەکات ژنان و کچانی کەڵوەزنشین هەریەکەیان لەلای خۆیەوە شتی سەیر بۆ توانای خدرە زلە هەڵدەبەستن و ئەوەی دەخەنەپاڵ، کە دەتوانێ حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بێ نان و ئاو و حەسانەوە لەگەڵ حەفتا ژنادا بنوێ و چێژی زۆریان پێ ببەخشێت و باسکردن و گێڕانەوەی ئەم توانایەی خدرە زلەش دەبێتە سەرچاوەی چێژ بۆ ژنان و کچانی کەڵوەزنشین ((خدرە زلە بە تاقە نەفەرێ، بارتەقای هەمو پیاوانی دنیایە. هەرکە خدرە زلە چوە نێو کەڵوەزنشینان و باسی دایکی ئەسەدوڵلای کرد، زۆربەی ژنانی کەڵوەزنشین بەبیستنی سەرگوزەشتەی دایکی ئەسەدوڵلا، ئاو بەدەمیاندا دەهاتەخوارێ))(موکری، ٢٠٠٥، ١٣٧).

یەکێکی دیکە لەو کاراکتەرانەی لە نێو بونیادی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا هەم حەزی چێژ وەرگرتنی زۆر-ماسۆشی- لە کەسانی بەرانبەر و هەم حەزی ئازار پێگەیاندنی زۆر-سادی- بەکەسانی بەرانبەر هەیە "پور ئەسمەرە" کە تا تەمەنی چل ساڵی حەوت جار شو دەکات و ئەم هاوهەستییەی لە چێژ وەرگرتن و ئازار پێگەیاندنەی بە ئاشکرا دەردەبڕێت وەک لەم دەربڕینەدا دەبینرێت ((پور ئەسمەر، بێ پەروا دەیگوت: بریا هەمو پیاوێ لە نوێندا یا وەک چۆلەکە یا وەک پیرەکەر دەبون!. گەر لێیان پرسیبا بۆ چۆلەکەو پیرەکەر؟ یەکسەر دەیگوت: چولەکە بەسەد جار دانامرکێتەوە! پیرەکەریش ئەوەندە خەریک دەبێ هەر ئەوەیە خەوی لێ ناکەوێ!))(موکری، ٢٠٠٥، ١٣٨).

ئەم حەز و مەیلە زاڵەی پور ئەسمەر لە چەندین شوێنی دیکەی ڕۆمانەکەدا دەبینرێت، بەتایبەتی دوای مردنی مێردی یەکەم و دوەمی و شوکردنەوەی بە خلەگاوان ((ساڵ و نیوی پێ نەچو مێردە بەدەردی ئەسمەر و بەزمی نێو نوێنی ئەسمەر دەچێ و سەر دەنێتەوە. چلەی مێردەی ناچێ، شو بە شوانێکی تەمەن بیست ساڵە دەکاتەوەو پاش یەکدو ساڵ، ئەویش بەدەردی مێردی یەکەم خوا دەیباتەوە))(موکری، ٢٠٠٥، ١٣٨) لە دیمەنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ خلەگاواندا ئەم ویست و مەیلە زۆرەی هەستکردن بە چێژوەرگرتن لە خلەگاوان و هەم ئازار پێگەیاندن بە خلەگاوان دەکاتە لوتکە ((خلەگاوان دیوە دوەمە زاڵەکەی ئەسمەر دەبینێ. ئاگرێ بو هەمیشە گەش، بێ کز بون و بێ خۆڵەمێش. هەر کە ئەسمەر گڕی تێبەر دەبو دو ئاگری گەش بەگژ یەکدیدا دەچون و یەکدییان دەگەشانەوە. ئەو دو ئاگرە، جوانەگاو پیرە گاکانی شێتگیر دەکرد، ڕویان لە مانگاکان دەکرد، ئەوانیش بڵێسەی حەزیان چ لە ئاگرەکەی ئەسمەرو گاوان کەمتر نەبون))(موکری، ٢٠٠٥، ١٣٩). ئەوەی جێی سەرنجە بەشێکی کەسێتییەکانی نێو ڕوداوە ئەفسانەییەکەی ئەم ڕۆمانە لە بونیاتی خوڵقاندن و وێنەگرتنیاندا لە هەندێ حاڵەتدا وەکو کەسێتی سادیزمی و لە هەندێ حاڵەتیشدا وەکو کەسێتی ماسۆشیزمی خوڵقێنراون، هەروەکو چۆن لە ڕوداوی سەرەکی نێو ڕۆمانەکەدا بەشێکی زۆری کەسێتییە لاوەکییەکان و شاکەسی ڕۆمانەکەش گیرۆدەی ئەم دو نەخۆشییەن و ئەم بابەتەتەش مەودایەکی زۆری گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیان بۆ تەرخانکراوە و نەهامەتی و گیروگرفتەکانی شاکەسی ڕۆمانەکەش هەر لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرن.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

## ئەنـــــجام:

-ڕەوتی گێڕانەوەی ڕوداوەکانی نێو ئەم ڕۆمانە بەشێکی بە هەردو چەمکی سادیزم و ماسۆشیزم و ڕەنگدانەوەی ئەم دو چەمکە ڕەنگڕێژکراوە، بەجۆرێک ئەم چەمکانە تەواو لە بونیاتی کەسێتی کاراکتەرەکاندا ڕەنگیانداوەتەوە، ڕۆماننوس وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی پەیوەست بە ژیان ئەم دیاردانەی لە بونیاتی کەسێتییەکانیدا وێناکردوەو هەر لەو ڕێگەیەشەوە دەیانکات بە سەرچاوەو بنچینەو بنەمای کێشە و ئاریشە نەتەوەیی و چینایەتییەکان لە مێژوی کۆن و نوێی نەتەوەی کورددا.

-ڕۆماننوس یارییەکی سایکۆلۆژییانەی تەواوی بە هەردو چەمکی سادیزم و ماسۆشیزم و لادانە سێکسسیەکان کردوە، بەجۆرێک لە بەشێکی هەرە زۆری کاراکتەرەکانیدا ماسۆشیزم وەک ڕەمەکی سەرەکی چێژ وەرگرتن لە بەرانبەر پێش دەخات و لە بەرانبەریشدا ڕاستەوخۆ چەمکی سادیزم و وەک ئازار پێگەیاندنێکی نەتەوەیی و چینایەتی لە هەمان ئەو کاراکتەرانەدا دیار دەخات. بەم کارەش لە مەسەلەی تەوزیفکردنی سادیزمدا هێندەی ئەم چەمکە ڕوحی تۆڵە سەندنی نەتەوەیی و چینایەتی لە ئەستۆنراوە هێندە وەک چەمکێکی سێکسی وێنا ناکاتەوە، ئەم حاڵەتەش لە کەسێتی کاراکتەرە ژنەکانی وەک-موعەزەز و ئەمنەخانی دایکی و گوڵدەران و فەیمەخانی دایکی-بەرانبەر شاکەشی ڕۆمان- کەریم- لە ئێستای ڕۆمانەکەداو، پور فاتم بەرانبەر خلە گاوان و میر ئەسەدوڵڵا بەرانبەر بە پەری لە ئەفسانەدا لەگەڵ بەشێکی هەرە زۆری کاراکتەرەکانیدا تەواو دیارە.

-کەریمی شاکەسی ڕۆمانی ئەژدیها وەک کەراکتەرێکی سەرەکی پەرەسێن لەڕەوتی گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ڕۆمانەکەدا وەک قوربانی گەمەو حالەتە سێکسییەکانی ژن و منداڵی حاجی ڕەزای عەلاف و خانەوادەکەی ئەو لە لایەن ڕۆماننوسەوە خوڵقێنراوەو کراوە بە وێنەو نمونەی سەدان کەسی کۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت فیداکاری و بونە پێشمەرگەو ڕوکردنە شاخ و کۆی نەهامەتییەکانیشی بەستراوەتەوە بە سادیستی بون و ماسۆشیەتی کەسێتییەکانی دەوروبەری و ئازارچەشتنە ڕوحی و نەتەوەییەکانیشی لەبەرەوپێشەوچونی ڕوداوە هەنوکەییەکانی نێو ڕۆمانەکەدا هەر لەم گۆشە نیگایەوە بە باڵادا براوە..

-ڕۆمانی ئەژدیها، کەلتور، داب و نەریت، کێشەی نەتەویی، ئەنفال، خەباتگێڕی و تێکۆشانی ڕاستەقینەو بە پێچەوانەشەوە تێکۆشان وخەباتی ناچاریی وەک لەشاکەسی ڕۆمانەکە و چەندین کاراکتەری دیکەی وەک قادرە فەندی زۆر ڕاستگۆیانە دەخاتە بەر باس و سەرباری بونی ئەو نەهامەتیانە لە ڕابردو ئێستای نەتەوەی کورددا بێ شەرمانە وەک حەقیقەتێکی دیار هەردو چەمکی ماسۆشیزم و سادیزم بەسەرچاوەی ئەو نەهامەتییانە دەزانێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

# Sadism and Masochism, and Their Reflections in Muhammad Mukri's *Dragon Novel*''

**Sarkawt Omer Ibrahim**[1]

[1]Kurdish Department, College of Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This research is entitled "Sadism and Masochism, and Their Reflections in Muhammad Mukri's ***Dragon Novel***'' From this point of view, a novel in general was considered to be a literary genre, which has become a field of expression in many subjects of life. One of these fields, which is reflected in the novel is psychological diseases. In addition to this, stimuli and many other aspects psychological aspects of the characters can be seen in novel. It is important to bear in mind that Muhammad Mukri's ***Dragon Novel*** is considered to be a part of the world novels that shed light Kurdish heritage and myths including Anfal and the life of Kurdish refugees as well as the myth and reality in his novel. Besides, he talks about the psychological aspects of mythical and realistic characters in the middle of narrating. Therefore, one of the most courageous subjects in which he has given a wide range of narratives of sexual situations and deviations including the concepts of sadism and masculinity that are reflected mainly in the characters of his novel in terms of the structure and psychology. However, these deviations and sexually transmitted diseases involved in class issues and national differences that constantly have been discussed in the past and now. Based on what has been discussed above, this research is a scientific attempt that has been made to reflect these concepts and the purposes of these characters so that it can be analyzed in terms of their complexity and structure. Moreover, in the first part of the research, such concepts as sadism and masochism as well as their subtypes have been discussed. In the second part, three other different sections about the characters have been introduced respectively. Thus, the third part of the research investigates the concept of unpleasant deviation and its reflections on some of the characters.

**Keywords:** Sadism, Masochism, Novel, Character, Sexual Deviation.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26**

## پەراوێزەکان:

١- وشەی سادیزم لە ناوی نوسەری فەرەنسی–مارک دی ساد- Merquis De Sade(١٧٤٠-١٨١٤)وەرگیراوە، کە پێش شۆڕشی فەرەنسی و دوای شۆڕشی فەرەنیسش ژیاوە. هەمو ژیانی لە بەندیخانە و نەخۆشخانەکانی ژێریدا بەسەر بردوە. زۆرترینی گوناهەکانی تاوانی سیاسی بون. پێش شۆڕش تاوانبارکراوە بە پشتگیریکردنی شۆرشگێڕان و دوای شۆڕشیش تاوانبارکراوە بەبێلایەنی. بۆ یەکەمجار ئەم نوسەرە ئاماژەی بەم جۆرە نەخۆشییە داوە. پێناسەی سادیزمی بەوە کردوە، کە بریتییە لەو کەسانەی کاتێک باری توخمییان دەوروژێت، ئازارێکی زۆری توخمەکەی دیکە دەدەن. ئەم نوسەرە زۆرترینی ڕۆمانەکانی لە بەندیخانەدا نوسیوە ئەو ڕۆمانانەش بریتین لە: جۆستین و ستەمی ڕەوشت جوانی، گوناهی خۆشەویستی، گفتوگۆی قەشە و سەرمەرگن. بروانە: جلال خلف ژاڵەیی، گرنگترین نەخۆشییە دەرونییەکان، چاپەمەنی گەنج. سلێمانی. ٢٠٠٥، ٢٠٤. -شیماء ابراهیم، السادیة، وانواعها واعراضها وطرق العلاج، ٢٠١٣.

٢- زاراوەی Masoch "ماسۆشی" لەناوی ڕۆمان نوسی نەمساوی "ماسۆش" وەرگیراوە کە لەساڵەکانی "١٨٣٦-١٨٩٥" ژیاوەو ناوەڕۆکی زۆربەی نوسینەکانی و ژیانی تایبەتی خۆشی بریتییبوە لە چێژ و خۆشی وەرگرتن لە ئازاردانی خودی خۆی و سوکایەتی پێکردنی پاڵەوانەکانی. ئاشکرایە بەکەسانی سەر بە ماسۆشیزم دەوترێت masochist. ئەم زاراوەیە واتای چێژبینین دێت لە خۆئازاردان و لێدانی جنسی لەلایەن ئەویترەوە. لێرەدا چێژ ڕوەو ناوەوە پاشەکشەدەکات و کەسەکە دۆخێکی ناچالاک دەگرێتەخۆی. واتە ماسۆشیزم جۆرێک لە شەهوەتی پێچەوانەیە. زاراوەکە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1886 لەلایەن دەرونناسی ئۆستڕالی (Richard Freiherr von Krafft -Ebing) لە ناوی (Leopold von Sacher-Masoch) وەریگرتوە ئەویش کە نوسەری چەند ڕۆمانێکی خۆئازاردەرانە و ماسۆشیستی بوە. بروانە: کەریم شەریف قەرەچەتانی، نەخۆشییە دەرونییەکان، (١٩٩٩)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر. ل٤٦- شوشە علی، فەرهەنگی نێگەتیڤ، ٢٠١٥.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26

## سەرچاوەکان:


ئاسۆن، پۆل لۆران، ٢٠٢١، فەرهەنگی شرۆڤەیی فرۆید، وەرگێڕانی وەلید عومەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەڵوەن، سلێمانی.

ئیگڵتن. تێر، ٢٠١٦، تیۆری ئەدەبی، وەرگێڕانی، چاپی یەکەم، عەتا قەرەداغی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە. سلێمانی.

الزعبی، مروان طاهر، ٢٠١٨، دەروازەیەک بۆ دەرونزانی، وەرگێڕانی، ئازیز قادر میراودەلی، چاپخانەی نارین. هەولێر.

ڕەسوڵ، هەڵمەت بایز، ٢٠١٢، ڕەهەندی دەرونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

سەمعان، عەبدولحەلیم، ٢٠٠٧، سایکۆلۆژیی ژیانی هاوسەرێتی، وەرگێڕانی سۆزان جەمال، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

ژاڵەیی، جلال خلف ٢٠٠٥، گرنگترین نەخۆشیە دەرونیەکان. چاپی دوەم، چاپەمەنی گەنج. سلێمانی.

٧-عەبدوڵلا، پێشرەو، ٢٠١٣، دەرونشیکاری شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

عارف حمەکەریم (٢٠٠٨)، دەربارەی ڕۆمانو چیرۆک، چاپخانەی ئارابخا، چ ١، کەرکوک.

فرای، ئیبزامر مالکام برادبری نورتروپ ٢٠٠٨، ڕۆمان چییە؟، وەرگێڕانی، خەواد مستەفا، چاپی یەکەم. چاپخانەی خانی. دهۆک.

فرۆید، سیگمۆن، ٢٠١٧، لێکدانەوەی سێکسیانە بۆ مێژو، وەرگێڕانی سەلاح سەعدی، ناوەندی ئاودێر بۆ بڵاوکردنەوە، هەولێر.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف(١٩٩٩)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

کەریم، د. زاهیر لەتیف، مەستی، د. نیان نەوشیروان، ٢٠١٨، بونیادە گێڕانەوەییەکان لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی گەلاوێژدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

محەمەد، میران جەلال، ٢٠٠٩، بناتی ۆوداو لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

موکری، محمد، ٢٠٠٥، ڕۆمانی ئەژدیها، چاپی دوەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

نەجم خالید ئەڵوەنی، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا، ل٧٣.

شوای، اثیرعادل، ٢٠٠٩، تقنيات تقديم الشخصية في الروايات العراقية – دراسة فنية–، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد.

عبدالله، سرور عبد الرحمن، ١٩٩٤، بناء الشخصيات في الروايات غسان كنفاني، رساله ماجستر، كليه الاداب، جامعة صلاح الدين.

عوسمان، بدری، ١٩٨٦، بناء الشخصية الرئيسية في روايات نجيب محفوظ، دار الحداثة للطباعة والنشر، ط١، بيروت.

نانسی کریس، ٢٠٠٩، تقنيات كتابة الرواية، ت: زينة جابر ادريس، دار العربية للعلوم ناشرون، ط١، بيروت.

ئەحمەد، سەمەد ١٩٩٩، پانتایی سێکس لە جەستەی ئەژدیهادا، گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٢، سلێمانی.

ئەحمەد، دیاری عەلی ١٩٩٧، سارستانی و شێکردنەوەی دەرونی، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە ٢.

حەمەد، یوسف عوسمان ٢٠٠٢، ئەنتی کەسایەتی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٧٣، تەمموزی ٢٠٠٢.

ڕەنجاو، محمد، ١٩٩٨، ون بون لە ئەفسانەدا هەوڵدانێکە بۆ قسەکردن لە ڕۆمانی ئەژدیها، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە ٣، سلێمانی.

سەراج، عەبدوڵلا ٢٠٠٠، بەرەو ئاستانەی ڕۆمانی نوێ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٥٤.

عەبدوڵلا، سەروەر، ٢٠٠٢، سەرەتایەک لە بارەی بنەمای گوتاری کەسایەتی نێو ڕۆمان، گۆڤاری ڕامان، ژ (٧٥).

کاکەیی، کەمال ٢٠٠٠، فرۆید و سروشتی مرۆڤ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٥٠، (٥)ی ئابی ٢٠٠٠.

بصمجي, مارک ٢٠١٧, أعراض اضطراب الشخصية السادية, https://www.ibelieveinsci.com/?p=٣٢٤٦٣

شوشە عەلی(٢٠١٥) https://www.negativegroup.org/item.php?id=272

مەجید سالح(٢٠١٥)=https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=٢٣٠٥




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper26